نووسینی مێژوو نووسی سۆڤیەتی : ڤ . ن . گراشینکۆڤ
وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە ڕووسی‌وە : محمد عارف

لە ئاسۆی هونەری جیهانی‌دا

# بیرنینی

## پەیکەر تاشی ئیتالی بلیمەت

پەیکەر تاشی ئیتالی مەزن : (جۆڤانی لۆرێنچۆ بێرنینی) ڕۆڵێکی هەرە گرنگ و دیاری لە هونەری پەیکەر تاشی ئیتالی‌و دروست کردنی ئیستاتیکای قوتابخانەی (بارۆ ککۆ)ی سەدەی حەڤدەم بینیوە . بێرنینی لە منداڵی‌یەوە لە ستۆدیۆی باوکی (پیۆترۆ بێرنینی) . کە ئەو کاتە پەیکەر تاشێکی بە ناوبانگ بووە ، یەکەم بنکەکانی هونەری پەیکەر تاشینی خوێندوەو بەرە بەرە یارمەتی باوکی داوەو لە دوایی‌دا دەستی بە بەرهەمی سەربەخۆ کردوە .

بێرنینی ئازایانە خۆی لە فۆڕمای ووشك‌و چوارچیوەی تەسکی ئیستاتیکای کۆتایی سەدەی شازدەمین رزگار کردوە . باشترین نموونەی ئەم قوناغەی هونەرمەند ئەم پەیکەرانەن : (داڤید ، پلووتۆن ، پرۆزێرپین و ئەپەلۆن‌و ئەپەلۆن‌و دافنا) . ئەم پەیکەرانە ئەوەندە پایە بەرزو لە پلەی – تەواوی – دروست کراون ، تا رادەی ئەوەی بە شاکارەکانی هونەرمەندی مەزن بژمێردرێن . . . دینامیکیەت ، جوولانەوە ، هەستی دەروونی ، زاڵ بوونێکی سەر سورێنەری بان مەتریاڵ ، یەکگرتنەوەی جیهانی دەروونی و رووخساری دەرەوەی رەنگین ، پلەیەکی هونەری هەرە بەرزو بڵندی لە نێوان دەریای مەزنی پەیکەرەکانی رینیسانس بۆ ئەم هونەرمەندە دەست نیشان کردوە .

لە پەیکەری (داڤید) دا ، هونەرمەند ئەو کاتە سەختەی (راو) کردوە کە ئەم پاڵەوانە لە ئەنجامی هێزی تەوژماوی ناخ‌و ئامادەیی جەستەی بەهێزی بۆ هێرش بردنە سەر دوژمن ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئەم شتەی لە مەتریاڵێکی قورس دروست کردوە . مەتریاڵێکی وەك برۆنز ، تابینەر ئەو هەستەی بۆ دێ ئەو پەیکەرە گیان لەبەرە .

(بەشێك لە مێژوو نووسەکان دەڵێن : گوایا دەم‌و چاوی پەیکەری داڤید ، پۆرترێتی هونەرمەندە) .

داستانی بە ناوبانگی پڕ لە سۆزو ڕۆمانتیکیەت : (ئەپۆلۆن‌و دافنا) بە جوانترین دارشتنی هونەری بەرجەستە کراوە . . بێرنینی ئەو هەستە بە بینەر دەگەێنێ وەك بڵێ‌ی ئەم کۆمەڵە پەیکەرە لە برۆنز دروست نەکراوە بەڵکو ئەو جەستانە لە عاردەوە بەرەو ئاسمان باڵیان گرتوەو دەفڕن . . ئەپۆلۆن لە کاتی ڕاکردن‌دا بە عاستەم پێ‌ی بە عارد دەکەوێ . . بەڵام دافنای نازدار لە تەوژمی غاردان‌دا بەرز بۆتەوەو لەم بەرز بونەوەدا بەشێکی بوەتە گەڵای دار .

هەڵوێستی بێرنینی لەم جۆرە ئیستاتیکایەدا پێچەوانەی مایکل ئەنجیلۆیە . . مایکل ئەنجیلۆ پەیکەرەکانی بەگیانی قورسی‌و سەنگینی‌و گرانی دروست کراون . . پڕ ژیان‌و کەم هاوتان ، بەڵام چەسپاوو دامەزراون . ئەمە لە لایەك ، لەلایەکی ترەوە ئەگەر مەبەستی بێرنینی لە پەیکەری داڤیددا



(ئەپۆلۆن‌و دافنا) . ١٦٢٢ – ١٦٢٥
رۆما . مۆزەخانەی بۆرگیزی



بەشێك لەپەیکەری (داڤید) ، ١٦٢٣

(چارەسەرکردنی - پەیکەرتاشی بێت - واتە کە بینەر بتوانیٚ لە هەموو لایەکەوە پەیکەرەکە خرو بەرجەستە سەیر بکات -) ، ئەوە لە پەیکەری ئەپۆلۆن‌و دافنادا مەبەستی (چارەسەرکردنی - نیگارکێشانەیە - واتە - سەیر کردنیەتی بە چاوی نیگارکێش ) ، ئەمە ئەم نهێنی‌یەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دامەزراندنی پەیکەرەکە پری بۆشایی‌و ڕۆناکی و هەوایە و کێشەی سەختی : جەستەو بۆشایی - زۆر وەستایانە (تیمار) کراوەو لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم پەیکەرە ئارەزووی ئەوە لە بینەرانی دەژێنێتەوە کە لە پاشەکی‌ی گوڵ‌و گوڵزارو باغچەیەکی جوان‌و ڕەنگین‌دا تێر سەیری بکات .

کۆمەڵی بەرهەمی باسکراو لە مووزەخانەی (کاردینالٚ بۆرگیزی) پارێزگاری کراون .


کاردینالٚ بۆرگیزی ، پیاوێکی دەوڵەمەندو هونەر دۆست‌و ڕۆشنبیر بووەو زۆر بەهرەی کەم هاوتای بێرنینی ڕێز گرتوە . پەیکەر تاشیش لە دڵ‌و دەرونەوە پۆرترێتێکی بو ئەم پیاوە مەزنە دروست کردوە کە بەڕاستی بەیەکێك لە لووتکە هەرە بڵندەکانی ئەم جۆرە هونەرە دەژمێردریٚ لە مێژووی هونەری پۆرترێتی پەیکەر تاشین‌دا . . داهێنانی بێرنینی لە دروست کردنی ئەم پۆرترێتە ئەوەبوە کە لە کاتی سوڕانەوەی بینەر بە دەوروبەری‌دا ، چەند سروشێك دەبەخشی‌و چەند ڕەوشت‌و بەکی هەمە جۆرت بۆ ڕون دەکاتەوە ، کە لە ئەنجامدا کەسایەتی خاوەن پۆرترێتەکە تیٚ‌دەگەی‌و هەست بە ئینسانیەتی دەکەی ، بیٚ گومان چارەسەرکردنی کێشەیەکی وەها قورس‌و زالٚ بوون بەسەر برۆنز و مەرمەڕو بەرددا کە ئەم ناوەڕۆکە سایکۆلۆژیانە دەربڕیٚ ، ئەرکێکی‌هەرە سەخت‌و گرانە . بەلاٚم بە داخەوە پەیکەر تاش لە چەند پورترێتێکی تردا بەم قووڵی‌یەو بەم شێوە مەزنە نەیتوانیوە بەرهەمەکانی دروست بکات‌و دیلی (نەخۆشی ڕووخساری واتە فۆرمالیزمی) بوە .

شاکاری بێرنینی مەزن لە (پڕۆژەی تەمەن)دا ، بە دیار دەکەویٚ . . هونەرمەند نزیکەی پەنجا سالٚ (١٦٢٠-١٦٧٠) - لە گەلٚ چەند پشوودانێك - لە کلیسەی هەرە بەناو بانگی (پیوتر) لە ڕۆمادا ئیشی کردوەو بەڕاستی دەورێکی هەرە گرنگی لە فراوان کردن‌و چەسپاندنی قوتابخانەی (باروککۆ) دا هەبووە بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی لە درووست کردن‌و ڕازاندنەوەی مەزبەحی کلیسەکان ، بۆیەش دەڵێن لەم ڕووەوە بە (یەکەم هونەرمەندی بیٚ هاوتا داندراوە) .

بێرنینی دەڵیٚ : «پاش مەشقێکی هەرە سەخت‌و دورو درێژ ، من زالٚ بوومەتە سەر مەڕ مەڕ و لە ژێر دەستم‌دا وەك شەمی‌ی لیٚ هاتوە» .

قوتابخانەی بێرنینی لە دروست‌کردنی گۆڕی پیاوە گەورەکانی زەمانی خۆی ، قوتابخانەیەکی تایبەتی بووەو کارێکی قووڵی لەم جۆرە هونەرە کردوە ، تەنانەت ئەم کارتیٚ کردنە لە سنووری ئیتالیا دەرچووەو گەیشتوەتە زۆربەی وولاٚتە ئەورووپیەکان .

بێرنینی بێجگە لە پەیکەرو دیکۆرو نەخش سازی‌و فریسکۆو نیگارەکانی ناو بیناکان ، ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕازاندنەوەی شارو گۆڕەپان‌و شەقامەکان‌دا هەبوە . شاکارەکانی هونەرمەند لەم گۆڕەپانەدا نموونەی بەرچاوی ئیتالی و ئەورووپی‌و گەریدەکانی ئەم وڵاتەن ، وەك (مەیدانی پیۆتر ، پردی ئەنگیل ، نافورەکانی تریتۆن‌و چوار ڕووبارو ماڤرا) .



پۆرترێتی تریزا ، بەشێك لە کۆمەڵە پەیکەری (حالٚ گرتنی تریزا) ١٦٤٥ - ١٦٥٢ . ڕۆما